# هەشت پارچە شیعری
# حسەین پەناهی



**وەرگێڕ: کاوە گوڵکار**

حسەین پەناهی نووسەرو شاعیرو ئەکتەری بەناوبانگی لوڕ، نە تەنیا بۆ کوردی، بەڵکو لەلای فارسەکانیش هێشتا بەتەواوی نەناسراوە، ئەم هونەرمەندە گەورە کاری سینەمایی بەزنجیرە درامای (ئیمام عەلی)یەوە دەستپێکرد، کە سیناریۆکەی خۆی نووسیبووی، دواتر لە کاری شانۆیی تەلەفزیۆنیدا، (Tele theatre) بەسیناریۆی (دوو مراوی لە مژدا) دەوری (سۆهرابی) گێڕا، بەشانۆیی (فرمێسکو پزە) کە لە ساڵەکانی نەوەددا نمایشکرا لە (تیاتری شار)ی تاران بینەرێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاو بەتایبەت ئەو دیالۆگەی کە تێیدا دەیگوت: (تا نەمرم کەس نامناسێت). بەدواوە، هەرواش بوو. ئەگەرچی چەند ساڵ پێش مردنی، خەڵاتی یەکەمی ئێرانی لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیدا وەرگرت، بەڵام کەس بەهەند ئاوڕی لە شیعرەکانی نەدایەوە، حسەین لە شیعردا هەستێکی زۆر ناسکی هەیەو ڕەشبینیو خەمێکی قووڵ لە هەموو شیعرەکانیدا بەدیئەکرێت. ژیانیش وەکو شیعرەکانی غەمگینو ڕەشو سادە بوو. حسەین پەناهی سێ ڕۆژ دوای مردنی خەڵک پێیانزانیو لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمە پیرۆزەکەیان بردەوە بۆ پارێزگای (بوێر ئەحمەد)و لەوێ لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ناشتیان. دیوانە شیعرەکەی (منو نازی) لە ساڵەکانی دووهەزاردا بڵاوکرایەوە.

لێرەدا وەرگێڕدراوی چەند کورتە شیعرێکی ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی کورد. لە وەرگێڕانی ئەم شیعرەدا محەمەد عومەر عوسمان یارمەتییەکی زۆریداوم. ئەگەر خراپ بوون ئەوە خەتای منەو ئەگەریش جوانو سەرکەوتوو، ئەوا لێهاتوویو ئازایەتی (ژەنەڕاڵی پاییزە). هەر بۆیە ئەم وەرگێڕانە پێشکەش ئەکەم بەو خۆشەویستە.

## ساویلکە

**[١] لێرەم**

لەسەر گردێک لە خۆڵەمێش
بەسەر گوێزانا ڕێ ئەکەمو
بەفریوی هەر دەنگێک لەدوور
دەسرەی سووری دڵەکەم
دەرئەهێنمو
ئەی شەکێنم.

**[٢] منداڵی**

کاکێشانەکان
کوا سەرزەویم؟
زەمین کوا نیشتمانم؟
نیشتمان کوا خانووەکەم؟
خانوو، کوا دایکم؟
دایە کوا کۆترەکانم؟!
مانای ئەم بێدەنگییە چییە؟
من لە تۆدا بزربومە
یا تۆ لە مندا
ئەی زەمەن؟!
ئاخ! خۆزگە هەرگیز...
ئەو ڕۆژە لە دارە هەنجیرەکەمان، نەهاتبامە خوارەوە.

**[٣] شەو**

شەو لە چاوانی مندایە
تەماشای ڕەشێنی چاوم کە
ڕۆژ لەچاوانی مندایە
تەماشای سپێنی چاوم کە
من شەوو ڕۆژ لە چاومایە
تەماشای چاوەکانم کە
گەر پێڵووی چاوم دابخەم
هەموو جیهان تاریک دایەت.

**[٤] بەخشین**

بۆ دان پیانان
ڕێی کڵێسە ئەگرمەبەر

لەوێ،
لە بەرانبەر لاولاوی هەڵزنیو بەپانتایی دیوارەکەیدا،
ئەوەستمو
دان ئەنێم بەتێکڕای
تاوانەکانما.
دڵنیام کە لێم خۆش ئەبێت
چی ڕووەکە
-لە هەرکوێ بن-
ڕاستەوخۆ
لەگەڵ خوا ئەدوێن.

**[٥] مردووەکان**
چ میوانگەلی بێ ئەرکن
مردووەکان
نە قاپێک
بەدەست پیس ئەکەنو
نە بەقسەیەک
دڵی کەسێک ئەڕەنجێنن.
تەنیا بەمۆمێکو
نەختێ بێدەنگی
قایلن.

**[٦] ترس**
من ژیانم خۆش ئەوێت
بەڵام، لە ژیانی دووبارە ئەترسم
دینم خۆش ئەوێت
لێ، لە مەلاکان ئەترسم
یاسام خۆش ئەوێت
لە پارێزەران ئەترسم
من عەشقم خۆش ئەوێت
بەڵام، لە ژنان ئەترسم
منداڵەکانم خۆش ئەوێت
لە ئاوێنەکان ئەترسم.
من سەلامم خۆش ئەوێت
لە زمانم ئەترسم
من ئەترسم، کەوابوو هەم.

بەمجۆرە تێدەپەڕین،
ڕۆژو ڕۆژگاری من.
من ڕۆژم خۆش ئەوێت
بەڵام لە ڕۆژگار ئەترسم.

**[٧] ژیان**

مێزێک بۆ کار
کارێک بۆ حەوانەوە
حەسانەوەیەک بۆ خەو...
خەوێک بۆ گیان...
گیانێک بۆ مردن
مردنێک بۆ یادو
یادێک بۆ بەرد...
ئەمە بوو مانای ژیان؟!

**[٨] نهێنی سەوز**

ئەڕوانمە سەعاتەکەم
نزیکەو سێی نیوەشەوە
بۆ ساتێک چاوم ئەبەستم
با چاوت فەرامۆش نەکەم.
وەکو عادەت
لە پەنجەرەوە ئەڕوانم
تروسکەی چەند چرایەکی میهرەبانو
سێبەری ڕاکێشراوی خۆڵەمێشی شەوگەڕانی چەمیو لە پەراوێداو
دەنگی دڵڕفێن چەند سەگێکو
بانگی ئاسمانی کەڵەشێرێکو...هتد.
لە خۆشی خەریک بوو باڵ دەربێنم.
هەتا ئێستاش — وەک منالێم –
بەختەوەرم کە لە نهێنی سەوزی چەمە دوورەکان،
سەر دەرناکەم.
بەڵێ
لە خۆشیا، خەریکە باڵ دەربێنمو
باش ئەزانم
دەمێ ساڵە
کە من مردووم.